# ئازادی لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا,
# پیرۆزی چەمك‌و بەندایەتی مرۆڤەكان

محەمەدی مشیر

پیرۆزی چەمكی ئازادی لای نەتەوەی ژێردەستی ستەملێكراو دیاردەیەكی تازەنییە, بەڵكە ئاساییە سەرەتای رزگاربوونیشی لە ستەمی ناسیونالیزمی شۆڤێنی نەتەوەی باڵادەست وەك چەمكێكی رووتی تاك واتاو دوور لە واقیع سەیری بكرێت, یان بە بەشێكی تاك ئاراستەی پێكهاتی سەرخانی كۆمەڵگە تاوتوبكرێت, ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئاوەزی كۆمەڵایەتی نەتەوەی تازە رزگاربوو خۆی بەرهەمهێنی راستەوخۆی شێوازەكانی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو چەمكەدا نەبووە تا بتوانێ بابەتیانەو گشتگیر تێی بڕوانێ‌و رەفتاری لەگەڵدت بكا, بۆیە وەك دەرەنجامێكی بەرایی ئەم بۆچوونە لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا نەتەوە وەك پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی خودان ئاكارو سیماو ئاوەزو كلتورو دیرۆكی تایبەت پتر لە دەلاقەی سیاسەتەوە دەڕوانێتە چەمكی ئازادی‌و ناتوانێ رووەكانی دیكەی ئەم چەمكە بەشێوەیەكی دروست راڤە بكا, بەڵكە گەلێ جاران ئەو رێگایە زۆر درەنگ دەدۆزێتەوە!

كاوێژكردنەوەی راڤەو شرۆڤە كۆنەكانی چەمك‌و بەها دێرینەكانی نەتەوە خەسڵەتێكی زەق‌و دیاری ئەو قۆناغەیە كە دەرەنجام شێوانێكی هزری تەماوی بەرهەمدێنێ گوزارشت لەو راستییە دەكە كە كۆمەڵ لە دۆخی نوێدا ئەگەرچی لە هەندێ كۆت‌و بەندی سیاسی قۆناغی پێشتر رزگاربووە, بەڵام لە ناوەڕۆكدا هەرچاوی لە رابردووەو لە سایەی ئەو ئازادییە سیاسییە پیرۆز راگیراوە كە دەرهاوێشتەی سروشتی هزری نەتەوەییە مێژووی دوێنی خۆی لە بەرگێكی تازەی بە پیرۆز زانینی سەرجەم چەمك‌و بەها دێرینەكانی سەردەمی خەباتی چەكداری‌و تێكۆشانی سیاسی بەرهەمدێنێتەوە, كە تاك لەم دۆخە نوێیەدا خۆی لە بەرامبەر گۆڕانێكی چۆنایەتی ئەوتۆی هەموو ئەو شتە پیرۆز راگیراوانەدا نابینێتەوەو لە گێژەنێكی ئەو وەرچەرخانە پڕ ژانە میكانییكەدا هەمان ئەوی دوێنێ بە دەستە جلێكی مۆدێرنی ئەمڕۆ لەسەر شانۆی رووداوەكاندا دووبارە دەبینێتەوە بە جۆرێ چارەسەری ریشەیی پرسە گرنگەكان بۆ قۆناغێكی داهاتوو بە دەستی خۆزگەوە دەسپێردرێن!

رزگاربوونی تاك له سیستەمی نەتەوەیی دەروازەی گەڕان بە دوای دەلالەتە راستەقینەکانی چەمکی ئازادی بە رووی مرۆدا دەکاتەوە, بوون بە خاوەن نیشتمان‌و قەوارەی سیاسی سەربەخۆو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دژوارترین سەرەتای پڕ ئازاری ئەو گەڕانە مەعریفیەن بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە تازانەی خۆ بەسەر ئاوەزو تێهزرینی تاکدا دەسەپێنن.

پیرۆز راگرتنی چەمی ئازادی بەو واتایە رووت‌و تاك ئاراستەیەی دەسەڵاتی ناسیونالیستگەری نەتەوەی تازە رزگاربوو دەیخوازێ بەشێکی جیانەکراوەی پرۆژەی هزری بیرمەندانی خودی ئەو توێژەیە کە لافی رزگارکەر بەسەر تەواوی چین‌و توێژەکانی دیکەی نەتەوەدا لێدەداو لە رووی سیاسییەوە لە ئاست چارەسەری ئەو پرسە گرنگ‌و زیندووانەی راستەوخۆ پەیوەستن بە چارەنووسی تاکەکان نەك هەر بێ وەڵامە, بەڵکە باشترکردنی باری گوزەرانی زۆرینەی تاکەکان لە تێکڕای بوارەکانی ژیاندا قۆچی قوربانی مەراسیم‌و بۆنەکانی بە خواوەندکردنی هێماکانی خودی ئەو توێژەیە!

ئەگەرچی "مرۆڤ" سەنگی مەحەکی تەواوی چەمك‌و بەهاکانی کۆمەڵگەبێ, ئەو کاتە چەمکی "ئازادی" ئەگەر راستەوخۆ بە قازانجی مرۆڤ نەبێ ئەوا ناڕاستەوخۆ پێویستە لە دەرەنجامدا لە خزمەت بە مرۆڤایەتیکردنی ژیانی مرۆڤ بێ‌و لە سەرجەم بوارەکانی هزر, رادەربڕین, کار, ئابووری, رۆشنبیری بەرجەستەو بەرچاوبێ‌و هەرچی زیاتر بە ئاراستەی سەقامگیرکردنی دادی کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی‌و نەهێشتنی وەبەرهێنانی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بە ئاکام بگا, نەوەکە لە سەرووی واقیعەوە هەر هێندەی مەبەست بێ لە قاوغی پیرۆزیدا مرۆ ئازادانە ملکەچی رەوتی جوڵەی کۆمەڵگەبێ‌و لە سێبەری واتاو راڤە سەپێنراوە پیرۆزەکاندا شانازی بە رەنگاورەنگی کۆت‌و زنجیرەکانی گەردەنیەوە بکا!!.